کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-4-2007 22:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بتی عەشق ... ژووان

لە شەوێکی پڕئەستێرەو
تریفەی عەشقێکی نوێدا
لەگۆشەی خەڵوەتی تەنیایی و
میهرەبانی دڵەکەمدا
لە ئەندێشەی پڕ خەیاڵی ژوورەکەمدا
لەوێنەی تۆ بتم سازکرد
لە میحرابی دڵی خۆشما
وەکوو خودا
سوجدەم بۆ برد!!
لە نێوچاوتا بەدیم ئەکرد
جوتێ ئەڵماسی بێ وێنە
تیشک بدا بە چاوی من..
لەسەر لێوت ووشە ڕازو
خۆشەویستی، دڵڕفێن بوو
بەڵام چاوت
بەڵام دڵت لەلام نەبوو
هەرچیشت ووت ئەفسانەبوو
من نازانم چی بەڵێن بوو!!
بۆ بایی بوبیت
بۆ مەغرور بوبیت
کە ئەتزانی ئەتپەرستم..
لە بیرت چوو
نەفرەتی عەشق و خوداکەم
لەبیرت چوو
منی عاشق کە ئەتوانم
بتت لەت کەم
کەئەتوانم لەجێگەتا
بتێک چێ کەم
کەشایستەی دڵی من بێ و
ئەفسانەی تۆش هەڵوەشێنێ
سیحرو جادووت لەبنبێنێ..
تەلیسمی دوو ڕووت بشکێنێ..

هۆنراوەی/ ژووان/ 2000 /1/12/ سوئید/ مالمۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.